عێراق.. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ڕاهێنەر کاساس و یاریدەدەرەکانی



فدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خیسوس کاساس گارسیای ڕاهێنەری ئیسپانی و یاریدەدەرەکانی ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیاندراوێکی فدراسیۆنی تۆپی پێی عێراقدا هاتووە، " فدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق بڕیاری خۆی بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ڕاهێنەری ئیسپانی خیسوس کاساس گارسیا و یاریدەدەرەکانی ڕادەگەیەنێت، بەهۆی پێشێلکردنی جددی پابەندبوونیان بە گرێبەستەکەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەم ڕێوشوێنە لەسەر بنەمای مادەی (14)ی پەیڕەوی ناوخۆی فیفا سەبارەت بە دۆخ و گواستنەوەی یاریزانان گیراوەتەبەر، فیفاش بەفەرمی لەوە ئاگادارکراوەتەوە، بەشێوەیەک کە مافە یاساییەکانی فیدراسیۆن لەبەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بپارێزێت.